# بۆ کۆچی دوایی مامۆستا و هاندەرم ئەحەمەد هەردی

## ڕەزا حەمە

بەبۆنەی مەرگی دڵتەزێنی { بەشیعر و بە ناو هەمیشە زیندووی } شاعیری گەورەی قەڵەمڕەنگینی کورد مامۆستا ئەحەمەد هەردی { ڕیالیست و ڕۆمانیست , جوانناس وجوانکار , ئازادیخواز و پێشەوای هەستیاران } ەوە , ماتەمینی و هاوخەمی خۆم دەردەبڕم و سەرخۆشی لە کچان و کوڕان و سەرجەمی بنەماڵەی ئەو شاسوارەی شیعری کوردی دەکەم .

پیرم هەردی , تۆ ئەی ئەو گوڵەی هەرگیز ناوەریت , تۆ ئەی هەستی هەمیشە گەنج و گەش ,
تۆ ئەی زایەڵەی بەردەوامی ووشە بەپیزەکان , تۆ ئەی ئاسمانی شیعرە باڵدارەکان , دڵنیابە , جارێکی تریش دڵنیابە کە مەرگی یەکجاری تۆ لەگەڵ مەرگی هەست و جوانی و خۆشەویستیدایە ,
هەرکاتێ ئەوان مردن , ئەوسا تۆش ماڵئاوایی لە ژیان دەکەیت .
پیرم ! تۆ هەم مامۆستا و هاندەری دەیانی وەکو من بوویت , هەم باوکێکی خەمخۆری خێزانێکی چالاک و ڕۆشنبیر.

منی قوتابی ڕێبازی شیعریی تۆ , بەگومانم لەوەی نامەیەکی دڵداری نووسرابێت و بنووسرێت کە شیعرێکی عاشقی تۆی لە ئامێز نەگرتبێت . بەگومانیشیم لەوەی کە هەرهەموو شیعری ڕۆمانسی کوردی توانیبێتی هێندەی ئەو چەند شیعرەی تۆ ........

مرۆڤی کەمهەستی هەستئاخن کردبێت ,
دڵی ڕەقی دڵبەرانی نەرمونیان کردبێت ,
دڵی ژەنگاوی بەگوڵاوی خۆشەویستی خاوێنکردبێتەوە ,
بارانی ئاسودەیی بەسەر نائارامی دڵداراندا باراندبێت .

ئەی خۆشەویستی خۆشەویستان :

شیعری تۆ ...
چەپکێ نێرگزی چواروەرزن
شیعری تۆ ...
جوانترین دیاری دڵدارانن
شیعری تۆ ...
وەک ئەستێرە گەش و بەرزن
شیعری تۆ ...
کلاوڕۆژنە و بارانن ..

تۆ , ئەی وێردی هەمیشەی سەر زوبانی دڵداران , دەربارەی شاکارەکانی تۆ من چی تر بڵێم , لەکاتێکدا گۆرانی لوتکە فەرموویەتی :{ هەردی قوتابخانەیەکی تایبەتیە لە شیعری کوردیدا و شوێندەستی لە هەڵبەستەکانیدا دیارە }.
لەم دوورەوە بەرد و خۆڵی سەر مەزارەکەت ماچدەکەم .

**ڕەزا حەمە / ئەڵمانیا / کۆڵن** 2006 /10/29